# چەمچەماڵێکو دوو مەزاج

**پار ئەم وەختە**

رووداو:تاوانبارێك ویستی رابكات
كاردانەوەی پۆلیس:تاق تاق تاق
ئیجرائاتی وەزارەت:پۆلیسەكان سجن كەن
سەبەب:چۆن ئەمری تەقەتان پێ نییە و تەقە ئەكەن؟

**ئەمساڵ**

رووداو: تاوانبارێك ویستی رابكات
كاردانەوەی پۆلیس:تەقەیان لێ ناكەین كاكە ئەمرمان پێ نییە
ئیجرائاتی وەزارەت:سجنیان كەن ئەو عەمر نەماوانە
سەبەب: تفەنگتان بۆ جوانی هەڵگرتوە؟

## جا ئیتر پارە چی ناكات؟

1) لە دەوری مەصعەدو پەیژەدا ئەتوانێ زەلام بەرز بكاتەوە بۆ كەشكەلانی فەلەك، هەروەها ورەی هەڤاڵانیش هەڵئەبرێ تا ئەو جێگایەی قیادە ئەڵێ بەسە.
2) لە دەوری كەتیرەو سرێشا زۆر زۆر لەلای ئاسانە مونافیسو نەیارەكان بنووسێنێ بە یەكەوانێو خەڵكی ماستاوچیو لەگگامیشت پێوە بلەحیمێنێ.
3) لە دەوری تەختەسرا بە ئیعازێكی هاكەزایی هەموو نووسینو ئیشارەتە ناشیرینەكانی رابردووت بۆ ئەسرێتەوانێ كە كەس نەڵێ حاڵێ یان حسابێك.
4) لە دەوری زنجیرو قۆپچەو دوگمەدا دەمی نازانم كێشت بووێ بۆت دائەخات لەبەر ئەوە حساب بۆ هیچ شتێ مەكە.
5) لە دەوری پۆلیشو كەرەسەی ئارایشا هەرچی چروچاوی قەڵبو شەخسییەتی ناشیرین هەیە بۆتیان ئەكات بە شاجوانی شاجوانان.
6) لە دەوری فرێزەرو سەللاجەدا، كام ئەعصاب زۆر گەرمەو كام شەعب زۆر تورە، پارە سارد ساردیان ئەكاتەوە.
7) لە دەوری ختوكەدا، پارە ئەتوانێ هەموو روخسارە خەمبارەكان بهێنێتە قاقای پێكەنین.
8) لە دەوری باڵی سیمرغا، هیچ دەعبایەك بە نەوعی پارە نیە. ئەم مردوو مراوە ئنیسان لە ناخی عەرزا هەڵئەگرێو ئەیخاتە هەوای خۆی.
9) لە دەوری كلیلی جۆكەرا، كام دەرگا تۆ بە قایمی ئەزانیت ئەیخاتە سەر گازی پشت.
10) لە عیلمی ماتماتیكیشا پارە ئەتوانێ رۆڵی نیشانەی زائید ببینێو حەزت لە هەرچییەك بوو بۆتی كۆبكاتەوە بەتایبەت دەنگو مەعلوماتو رەفیقو مەعشوقە.
دەستم لە هەویرە ئەگینا..

تیمساح هاوسەرێكی بەوەفایە -ئاوێنە-



**پشیلییات**

+ پشیلە ئەگەر باڵی هەبوایە، لەو مەطارە سێ چوار ئاسایشیان بەدیارەوە دائەنا.
+ پشیلە ئەگەر لەماڵ نەبێ، مشك سەیری تۆمو جێری ئەكات.
+ پشیلە كە لێكەوت، ئەچێ كۆمیتەیەك دائەمەزرێنێ بۆ بەرگریكردن لە كۆتر.
+ كە پشیلە مشكی بۆ نەگیرا ئەڵێ گەندەڵن.
+ پشیلە بە سەگ ئەڵێ بەگم، بە مشك ئەڵێ قورمساغ.
+ بەلای مشكەوە باشترین پشیلە پشیلەی ناو ئەفلام كارتۆنە.
+ میكی ماوس تەنیا لە خەیاڵی مشكا هەیە، لای پشیلە قسەی قۆڕە.